www.kurdistannet.org
14-2-2006 13:26بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کۆمپانیای (ساناتێل) کوردستان و گوندەکانی لە بیرناکات. ... سۆران کەریم*

بریتانیا

ئێمە لە چوارتاو گوندەکانی دەوروبەری تاوەکو کەناروێ و گوندەکانی دەوروبەری و رێگاو دەشتایی و ناو رەزو باخەکانمان دەمێك بوو چاوەروانی تۆری تەلەفۆنات بووین بەتایبەتی تۆری مۆبایل کە وەك زۆرێك لەو گوندانە تا ساڵی٢٠٠٥ بێبەش بووین لێی، بەڵام هاتنی ساڵی ٢٠٠٦ بۆ ئێمە مایەی خۆشحاڵی و بەرەکەتێکی زۆربوو کاتێ بیستمان و بینیمان کە ئەندازیارانی ساناتێل مۆبایلەکەیان ئەگەیەننە ناوچەکەمان و بێبەشمان ناکەن لە خزمەتەکانیان، ئەوەبوو لەم رۆژانەدا ساناتێل بورجێکی پەیوەندیکردنی دامەزراندو شەپۆلەکانی فراوان کردوو هەموو ناوچەو گوندەکانی ئێمەی رووناك کردەوەو سەلماندی کە بەراستی کۆمپانیای کوردوکوردستانەو خەمی ووڵات و گوندەکانی خۆی ئەخوات نەك شوێنی دیکە... هەرچەندە وەك خۆیان ووتیان ئەمە وەك قۆناغی یەکەمیان وایە بۆ هەموو ناوچەکانی شاربازێر، بەڵام ئێمەی ئەو گوندانە کە ماڵ و موڵکمان لە چوارتاو کەناروێی و گوندەکانیەتی بۆ کارێك دەبوو بگەشتینایەتە سلێمانی، ئێستا مۆبایلی سانا گەلێ ئاسانکاری بۆ کردووین، کە جێگای سوپاس و دەستخۆشییە و ئێمە دەستی کارمەندانی ساناتێل ئەگوشین بۆ بەهانا هاتنیان بۆ ئێمە کە بەسەریان کردینەوەو پشتگوێیان نەخستین، سڵاو لەئەندازیارو سەرجەم بەشەکانی کۆمپانیای ساناتێل و بەتایبەت بەرێز کاك ئاسۆ حاجی محمد بامۆکی خاوەنی کۆمپانیای ساناو چاوەروانی هەنگاوی گەورەترین و ئێمەش هەمیشە سوپاسگۆتانین و سفرەو رەزو باخ ودرەخت و میوەجاتمان والآیەو لە خزمەتتانداییەو هەر بژین و مۆفەق بن.

* تێبینی / ئەم نوسینە من خۆم دام رشتوە و خزمەکانم لە چوارتاو کەناروێ بە مۆبایلی سانا قسەیان لەگەڵ کردم و زانیاریەکانیان پێدام و منیش بە ناوی ئەوانەوە بڵاوم کردەوەو خۆشحاڵ بووم کە گوێم لە دەنگی دایکم بوو لەو تەلەفۆنەدا کە بەراستی ساناتێل کارێکی زۆر باشیانکرد و ئێمەش بە ناوی کوردەکانی بەریتانیاوە جارێکی تر سوپاسی ساناتێل ئەکەین بۆ ئەو هەوڵەیان لە گەیاندنی تۆرەکانیان بۆ ئەو ناوچانەی ئێمە.